گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تورکیا لە نێوان خولیای بوون بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و زلهێزی رۆژهەڵاتی ناوەراست

**وژار فهری سعدی**
بەشی دیپلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، کۆلیژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
wzhar.saadi@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢٣
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Turkey, Nato, Middle East, Arab spring, Euroepan Union

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.20

## پوختە

تورکیا بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە کە داوا دەکات ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، لە دوای دامەزراندنی یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٤٩، تورکیا یەکێك بوو لە وڵاتانەی کە داوایکرد ببێتە ئەندام لە یەکێتیەکە. تا ئێستاش تورکیا نەیتوانیوە ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا مسۆگەر بکات. تورکیا لە دوای گۆرانکاریەکانی بەهاری عەرەبی، پێگەی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی خۆی بەکارهێنا کە لە نێوان ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەراست ببێتە ئەکتەرێکی گرنگ، بەتایبەتی لە بابەتی شەپۆلی پەنابەران. لە دوای بێ ئومێدبوونی تورکیا لە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا، ئەم وڵات روویکردە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەوەی لە گۆرانکاریە نوێیەکانی ناوچەکە بەشداریەکی کارای هەبێت. سیاسەتی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم دواییانەدا لە بەرامبەر پێشهاتە پێکهاتەییەکانی جیهانی و ناوچەیی و هەروەها گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسی ناوخۆیی، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. گۆڕانکارییەکانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ناوچەکە و هەروەها پەرەسەندنی ڕۆڵی ڕووسیا، تورکیای ناچار کردووە بە کردەوەیەکی سەختی هاوسەنگی لە نێوان ئەو دووانەدا ئەنجام بدات. حکوومەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تورکیا، هەرچەندە متمانەی بە هەردوو لایەن نییە و ئاگاداری جیاوازیە توندەکانی بەرژەوەندیە لەگەڵیان لە هەندێك پرسدا، بەڵام هەوڵی داوە هاوسەنگییەك لە سووریا و لیبیا دروست بکات. جگە لەوەش تورکیا لە سەرانسەری ناوچەکەدا لە کێبڕکێیەکی توندا لەگەڵ سعودیە و ئیمارات بەشدارە. لە ئەنجامدا سیاسەتی نوێی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بەرزبوونەوەی تێگەیشتنی هەڕەشە و سفر کێبڕکێ لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی ناوچەکە و زیادبوونی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەڵسوکەوتی مەترسیدار و پەراوێزخستن و پەسەندکردنی کردەوەی تاکلایەنە دەناسرێتەوە.

## 1.پێشەکی:

تورکیا مێژوویەکی درێژی جەنگ و ململانێ هەیە لەگەڵ هەردوو کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. تورکیا لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیەکان خاوەن جوگرافیایەکی بەرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەوروپا بوو. تورکیا تا ئێستاش خۆی بە میراتگیری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانێت، تا ئێستاش دەیەوێت دەسەلاتی بەسەر ناوچەی قەوقاز، باڵکان و رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەبێت. لە دوای گرژیەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا لەمەر پەیوەندیکردنی تورکیا بە یەکێتی ئەوروپا. دەسەڵاتدارانی تورکیا زیاتر تێکەڵبوون لە کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، لە هەردوو کایەی هێزی نەرم و هێزی رەقدا. تورکیا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە سوریا ئەنجامداوە و لە مانگی ئایاری ٢٠١٩ دوو ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، هەروەها ڕێککەوتنێکی سنووردارکردنی دەریایی و هاوکاری سەربازی لەگەڵ حکومەتی ڕێککەوتنی نیشتمانیی لیبیا کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانپێدانراوە، واژۆکردووە. لە کێبڕکێیەکی توندا لەگەڵ لایەنی ئێران و بلۆکی سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (ئیمارات)، سەرقاڵی یاریەکی هاوسەنگین لە نێوان هاوپەیمانی تەقلیدی خۆیان، ئەمریکا و ڕووسیا لە سوریا. تورکیا لە دوای گۆرانکاریەکانی بەهاری عەرەبی، پێگەی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی خۆی بەکارهێنا کە لە نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ببێتە ئەکتەرێکی گرنگ، بەتایبەتی لە بابەتی شەپۆلی پەنابەران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەکاتێکدا تورکیا لە دەیەی یەکەمی سالآنی ٢٠٠٠دا گرنگی بە دەرفەتەکانی ناوچەکەدا دەدا نەك هەڕەشە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرم و وابەستەیی ئابووری و ڕۆڵی لایەنی سێیەم و هاوسەنگی نەرمەوە خۆی بە گۆرانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرقاڵ کرد، لە سەردەمی دوای ٢٠١١ تورکیا دەستی کرد بە دەستنیشانکردنی هەڕەشەی زیاتر، هەر بۆیەش ئامادەیی زیاتری نیشان دا بۆ بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان و بوو بە بەشێك لە جەمسەرگیری ناوچەیی، لە هەردوو لایەنی دارایی و ئایدۆلۆژی. ئەم شیکارییە لە گۆڕانی سروشتی تێوەگلانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای بەهاری عەرەبی و بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٦ لە چوارچێوەی پەرەسەندنی جیۆستراتیژی و ناوخۆییدا دەڕوانێت. ئەم توێژینەوەی تیشك دەخاتە سەر تێڕوانینی نوخبە سیاسییەکان لە تورکیا سەبارەت بە گۆڕانی ژینگەی ئاسایش لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. [1]

لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە، تورکیا خۆی لە ناوچەیەکی پڕ لە شەڕی ناوخۆ و پەرەسەندنی توندوتیژی و هەروەها دەستێوەردانی سەربازیی ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، ململانێی فرە چین و ئاڵۆزدا دەبینێتەوە کە دەوڵەتان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەشداری لە فرەیی هاوپەیمانییە گۆڕاوەکاندا دەکەن. جگە لەوەش هاوکاتە لەگەڵ قۆناغێك کە هاوپەیمانییە مێژووییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا لاواز بووە. لە لایەکی دیکەوە، لە بارودۆخی ناوخۆدا، کە پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار پەیڕەوی کردووە، لەگەڵ داڕمانی پرۆسەی ئاشتیی کورد (٢٠١٤-٢٠١٥) و زیادبوونی نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئاسایشی وڵات، بە تایبەت دوای کودەتای مانگی تەمووز ی ٢٠١٦. بۆیە ڕێبازی نوێی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە هەم لە دراوسێی جیۆستراتیژی تورکیا و هەم لە گۆڕانی هاوتەریب لە ئاستی ناوخۆدا ڕوودەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازەیە کە نوخبە سیاسییەکانی تورکیا لەم ژینگە نوێیەدا خوێندوویانەتەوە و تێگەیشتوون، کە لە بەرامبەردا مەیلی ئایدیۆلۆژی و هەروەها مەیلی گۆڕانخوازانەی خۆی نیشانداوە.[2]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###۲۰۲۰
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئامانجی توێژینەوە:

توركیا چەندین دەیەیە هەوڵ دەدات ببێتە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا، هەمیشە خواستەكانی توركیا بۆ ئەندامبوون لەم یەكێتیە پشتگوێخراوە. لە دوای بەهاری عەرەبی كە لە ساڵی ۲۰۱۱ روویدا، تێڕوانینی توركیا بۆ ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەراست گۆڕا، ئەردۆغان رایگەیاند كە چیتر ئەندام بوون لە یەكێتی ئەوروپا ئامانجی توركیا نیە، لە بەرامبەردا، توركیا بەهاری عەرەبی وەك دەرفەتێك زانی كە خۆی وەك زلهێزێك لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەربخات، دەستێوەردانی توركیا لە سوریا و لیبیا دیارترین نموونەن. ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدات لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمی بۆ سیاسەت و ستراتیجیەتی توركیا لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و جیهاندا بكات.توێژەر دەیەوێت روونبكاتەوە لە چۆن توركیا لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و جیهاندا وەك زلهێزێكی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەناسرێت نەوەك وەك وڵاتێك كە دەیان ساڵە خوازیارە ببێتە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا. توێژە ئامانجیەتی روونبكاتەوە كە توركیا دەتوانێت رۆڵێكی گرنگ لە سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەراست ببینێت، هەروەها ببێتە هۆی دروستبوونی هاوسەنگی لە نێوان ئەكتەرانی ناوچەكە و جیهانی لە كێشمەكێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

## كێشەی توێژینەوە:

دوورییانی لە سیاسەتی دەرەوەی توركیا بۆتە هۆی دروستبوونی كێشەیەكی گەورە بۆ ئەم وڵاتە، توركیا چەندین دەرفەتی لەدەستداوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە ئەوروپاش، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاوەروانیەی كە توركیا لە ئەوروپا هەیبوو كە ببێتە ئەندامی، هەروەها پشتگوێ خستنی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەك ناوچەیەكی بێ بایەخ لە لایەن توركیاوە. خولیای توركیا بۆ بوون بە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا لە ئێستادا كێشەیەكی گەورەیە بۆ توركیا، چونكە هیچ ئاسۆیەك نیە كە بەم نزیكانە توركیا دەبێتە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپادا. لە بەرامبەردا، ئەگەر توركیا نەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و قەوقاز و باڵكان و ناوچە ستراتیژیەكانی بگونجێنێت، ئەوا بە دڵنیایەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەرفەت و ئامانجی زیاتر بۆ توركیا كە لە ئایندەدا كێشە بۆ بەرژەوەندیەكانی توركیا لەهەموو ناوچەیەك دروستدەكات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پرسیاری توێژینەوە:

ئانجی تورکیا وەك وڵاتێکی میراتگیری ئیپراتۆریەتی عوسمانی بریتیە لە گەرانەوەی ئەو پێگەی جیهانیەی کە بە شایستەی خۆی دەزانێت، پرسیاری توێژینەوە لەوە دروستدەبێت، ئایا تورکیا بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا دەبێتە ئەکتەرێك گرنگ لە سیستەمی جیهانیدا، یان وەك زلهێزێکی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەتوانێت بەم ئامانجەی بگات؟ توێژەی هەوڵدەدات لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

## گرنگی توێژینەوە:

لە دوای بەهاری عەرەبی کاریگەری تورکیا لە رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە روونی بەدیار کەوت، کاتێك دەستێوەردانی کرد لە سوریا و دواتر وڵاتانی تریش، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تورکیا دەبێت ئیتر خۆی یەکلایی بکاتەوە لەوەی دەبێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا یان زلهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. وەك ئەکتەرێك لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، کاریگەری تورکیا لە رووداوەکانی دەیەی رابردوودا گەواهیدەرە کە رۆڵی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگترە لەوەی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.

## میتۆدی توێژینەوە:

بەوپێیەی کە باس لە بارودۆخی تورکیا دەکەین لە نێوان دوو ژینگەی جیاوازدا، توێژەر سوودی لە میتۆدی بەراورکار وەرگرتووە، وەك بەراوردێك لە نێوان بارودۆخی تورکیا لە ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەورەها توێژەر سوودی لە میتۆدی شیکاری وەرگرتووە، کە چۆن تورکیا دەتوانێت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ببێتە وڵاتێکی زلهێز. کەواتە لەم توێژینەوەدا توێژەر سوودی لە میتۆدی بەراوردکاری و شکاری وەرگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پلانی توێژینەوە:

چوارچێوەی توێژینەوەی پێکدێت لە پێنج باس کە بریتین لە:

باسی یەکەم\ تورکیا و پرسی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا

باسی دووەم\ تێروانینی نوێی تورکیا لە هەمبەر دەستێوەردانی لە وڵاتانی دراوسێی

باسی سێیەم\ پەرەسەندنی تێڕوانینی تورکیا لەسەر ئەو هەرەشانەی مەترسین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی

باسی چوارەم\ ململانێی ناوچەیی کۆی سفر (Zero Sum)

باسی پێنجەم\ ڕێباز و ستراتیژیەتی نوێی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

## باسی یەکەم\ تورکیا و پرسی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا

تورکیا لە ساڵی ١٩٨٧وە داوا دەکات ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش لەدوای ئەوەی کە ئەندامێتی لە کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا (EEC) بەدەستهێنا. لە دوای دە ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٤٩، تورکیا لە ساڵی ١٩٥٠ یەکێک بوو لە لەو وڵاتانەی کە بۆ یەکەم جار داوای پێشکەشکرد بۆ بوون بە ئەندام لەم یەکێتیە .تورکیا لە ساڵی ١٩٦٣ بووە ئەندامی هاوبەشی کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا(EEC) . تورکیا لە ساڵی ١٩٩٥ ڕێککەوتنی یەکێتی گومرگی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا واژۆ کرد و لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ لە کۆبوونەوەی هێلسنکی ئەنجومەنی ئەوروپا بە فەرمی وەك کاندیدی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا ناسێندرا.

دانوستانەکان بۆ ئەندامێتی هەمیشەیی لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دەستی پێکرد. بەرەوپێشچوونی دانووستانەکان خاو بوو، لە کۆی ٣٥ بابەتی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەستبوون، تەنها ١٦ بابەت باسی لێکراوە. لە ساڵی ٢٠١٦ بەهۆی جەنگی ناوخۆی سوریا و نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران ڕوویانکردە سنوورەکانی ئەوروپا. شوێنی جوگرافی تورکیا زۆر گرنگ بوو بۆ یەکێتی ئەوروپا، پەنابەران تورکیایان وەك (وڵاتی ترانزێت) بەکاردەهێنا بۆ گەیشتن بە ئەوروپا. لەو کاتەدا، یەکێتی ئەوروپا و تورکیا ڕێککەوتنێکیان کرد سەبارەت بە ڕێگریکردن لە شەپۆڵی پەنابەران بۆ

ئەوروپا، هەروەها بریاردرا کە دانیشتوانی تورکیا بە بێ ڤیزە بتوانن گەشتی وڵاتانی تری ئەوروپا بکەن، ئەمەش هاندەربوو بۆ خێراکردنی دانوستانەکانی پەیوەست بە پەیوەندیکردن بە یەکێتی ئەوروپاوە.[3] گەرموگوری ئەم دانوستانانە زۆری نەکێشا چونکە، یەکێتی ئەوروپا تورکیای تۆمەتبارکرد بەوەی پێشێڵی مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا دەکات. لە ساڵی ٢٠١٧دا بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا ڕایانگەیاندبوو، ئەو دەستووره نوێیەی کە خەڵکی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧ی دەنگیان پێدا، پێوەرەکانی کۆپنهاگن بۆ مافی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا پێشێل دەکات لە ڕێککەوتی ٢٠ی شوباتی ٢٠١٩ لیژنەیەکی پەرلەمانی ئەوروپا دەنگیدا بە ڕاگرتنی دانوستانەکانی پەیوەستبوونی تورکیا بە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش نارەزایی حکومەتی تورکیای لێکەوتەوە.

دەتوانین ئەو خاڵانەی کە رێگرن لە ئەندامبوونی تورکیا بە یەکێتی ئەوروپا، بخەینەر روو:

- تورکیا یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا بەهۆی قەبارەکەیەوە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بە زیاتر لە ٨٤ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت و لە ڕێگەی گەشەسەندنی ئەم دواییەشەوە دەبێتە گەورەترین وڵاتی ئەوروپا و لە زیاتر لە دانیشتوانی ئەڵمانیا. ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی تورکیا بە ڕێژەی ١.٥% ئەم گەشەی دانیشتوانە کاریگەری دەخاتە ناهاوسەنگییەکی گەورە لە دەسەڵاتدا، کە نوێترین ئەندام بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی زۆرترین کورسی پەرلەمانی دەبێت.
- تورکیا تا ئێستاش بەدەست هێرشە تیرۆرستیەکان دەناڵێنێت، هەرچەندە کردەوەی تیرۆرستی لە وڵاتانی تری ئەوروپاش ڕوودەدەن، بەڵام بەهۆی جوگرافیای تورکیا کە نزیکە لە بارەگاکانی هێزە تیرۆرستیەکان، زۆرترین زیانی بەرکەوتووە. زۆرێك لە ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا ترسیان هەیە کە پەیوەندیکردنی تورکیا بە یەکێتی ئەوروپاوە، ئەم دەرفەتە بۆ تیرۆرستان برەخسێت کە بە ڕێگەیەکی ئاسانتر هێرش بکەنە سەر شارە گەورەکانی ئەوروپا[4]
- بەرای ئەو ئەندامانەی یەکێتی ئەوروپا کە دژی ئەندامبوونی تورکیان لە یەکێتیەکە، تورکیا بۆتە وڵاتێکی خۆسەپێن و پاشەکشەیەکی زۆری کردووە لە دیموکراسیدا بە بەراورد لەگەڵ هاوتا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوروپیەکانی. لە ساڵی ٢٠١٧ تورکیا ریفراندۆمێکی ئەنجامدا کە سیستەمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانیەوە بگۆردرێت بۆ سەرۆکایەتی، ئەمەش پیلانی ئەردۆغان بوو کە بۆ ماوەیەکی زیاتر لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەم گۆرانکاریەی سیستەمی سیاسی لە تورکیا بووە جێی رەخنەی وڵاتانی ئەوروپی بەوەی کە تورکیا لە ژێر سەرکردایەتی ئەردۆغان بەرەو تاککرەوی دەچێت. دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان و داخستنی چەندین رۆژنامە و رێکخراوانی کۆمەڵگای مەدەنی هەموویان بوونە هۆکار کە تورکیا زیاتر لە یەکێتی ئەوروپا دووربکەوێتەوە.

- بابەتی قوبرس یەکێکە لە لەمپەرەکانی تری کە رێگری دەکات لە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا. هەموو ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دان بە سەروەری وڵاتانی تری ئەندام دەنێن، بەڵام تورکیا ئامادە نیە کە سەروەری قوبرس بە فەرمی بناسێنێت ئەمەش لەبەر ئەوەی کە قوبرس دوو بەشە و بەشێکیان لەدەست تورکیایە و بەشەکەی تریش بەدەست یۆنان.
- ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا مافی ڤیتۆیان هەیە بۆ سەر هەر بابەتێك، بە مانایەکی تر، ئەگەر یەکێتی ئەوروپا بیەوێت بگاتە چارەسەر بۆ کێشەیەك، ئەوا پێویستە هەموو ئەندامانی یەکێتیەکە رازی بن، لێرەدا دووبارە کێشە بۆ تورکیا دروست دەبێت، ئەویش وڵاتی یۆنانە کە دەتوانێت رێگری بکات لە ئەندامبوونی تورکیا. ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئەوا تورکیاش لەمەر پرسە چارەنووسسازەکان دەتوانێت ڤیتۆ بەکاربێنێت کە ئەمەش قەبوڵناکرێت لەلایەن وڵاتانی وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا.
- نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆك کۆماری پێشووتری فەرەنسا بروای وابوو کە تورکیا بە هیچ جۆرێك لە جوگرافیای ئەوروپادا نیە، ئەو پێی وابوو تورکیا تەنها ٣% خاکی لە جوگرافیای ئەوروپادایە، ٩٧% تری لە ئاسیادایە، کەواتە تورکیا وڵاتێکی ئاسیاییە، بۆ دەبێت ئەوروپا وڵاتێکی ئاسیایی بکاتە ئەندام لە یەکێتیەکەی، هەروەها لە ئەگەری ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، یەکێتی ئەوروپا دەبێت دراوسێی وڵاتانی وەك ئێران، سوریا، عێراق کە ئەمەش جێگای قەبوڵکردن نیە لەلایەن وڵاتانی ئەوروپیەوە.

هەموو ئەم خاڵانە و خاڵە ناکۆکەکانی تریش پێمان دەڵێن کە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا لە ئێستادا کارێکی دژوارە، هەروەها لە دوای چەقبەستووی لە دانوستانەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوروپا کە گەیشتنە بنبەست پێشبینیش ناکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا هیچ دانوستان و ڕێککەوتنێک دووبارە ئەنجامبدرێتەوە.[5]

## باسی دووەم\ تێروانینی نوێی تورکیا لە هەمبەر دەستێوەردانی لە وڵاتانی دراوسێی

بۆ تورکیا کۆتایی هاتنی جەنگی سارد گۆڕانکاری گەورەی لە بارودۆخی دراوسێکانیدا بەرهەمهێنا. لە دوو دەیەی دواتردا، پێشهاتە سیاسیەکانن، گرنگی جیۆپۆلەتیکی دەوروبەری تورکیایان گۆڕی و بەم پێیەش سیاسەتی دەرەوەی ناوچەیی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شەڕی کەنداو لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١دا دووڕیانێکی کوردی تورکیای توندتر کرد و لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و سوریا و ئێران ئاڵۆزتر کرد. هەروەها ئەم ململانێیە ڕق و کینەیەکی بەرچاوی لەناو تورکیادا لە دەستێوەردانی سەربازی بیانی لە ناوچەکەدا دروستکرد. دواتر خراپتربوونی ململانێی عەرەبی و ئیسرائیل دەستی کرد بە گۆڕینی بابەتی قسە و باسەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پرۆسەی گفتوگۆکانی ئۆسلۆ لە ساڵانی نەوەدەکاندا ژینگە و ڕووپۆشی پەیوەندییەکی ئاسایشی دوولایەنەی تورکیا و ئیسرائیلی بۆ دابین کردبوو. بەڵام لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و فەلەستین بووەتە هۆی وروژاندنی ڕەخنەی ڕاشکاوانە لەلایەن تورکیاوە دژی ئیسرائیل. سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا بە لایەکدا، دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕەوان بڵێین ئەگەر گرژییەکانی ئیسرائیل و فەلەستین کەم ببنەوە، لەبری ئەوەی زیاتر مشتومڕیان لەسەر بێت، ئیدانەکردنی دەنگی تورکیا بۆ ئیسرائیل کە بووەتە هۆی شەپۆلی شۆك لە ڕۆژئاوا، هەرگیز دەنگی لە ئەنقەرە نەدەدۆزیەوە. هەروەها گۆڕانکاری سیاسی توند لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە باکوور و ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەدا ڕوویدا.[6] هەرێمی باڵکان لە ساڵانی نەوەدەکاندا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی یوگۆسلاڤیا و ئەو توندوتیژییەی کە بەدوای خۆیدا هێنا، لەرزۆك بوو. شانبەشانی تورکیا، ئێستا ناوچەی دەریای ڕەش دوو ئەندامی دیکەی ناتۆ لەخۆدەگرێت – ڕۆمانیا و بولگاریا – کە هاوکات ئەندامی یەکێتی ئەوروپان. لە کاتێکدا تورکیا تا ئێستا نەبۆتە ئەندامی ئەم یەکێتیە، هیچ کام لە وڵاتانی دیکەی کەنار دەریای ڕەش یان قەوقاز ئاسۆی نزیك لە ئەندامێتییان لە یەکێتی ئەوروپا نییە، هەرچەندە چەند وڵاتێك بەشێکن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستپێشخەرییەکانی سیاسەتی دراوسێیەتی ئەوروپا و هاوبەشی ڕۆژهەڵات. زۆربەیان، بە ڕووسیاشەوە لە ڕەفتاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دوای سۆڤیەتن و گوشاری مۆسکۆ لەسەریانە بۆ ئەوەی دەستوەردانی ڕۆژئاوا سنووردار ڕابگرێت. لە ساڵی ٢٠٠٨دا فشارێکی لەو شێوەیە بە لەشکرکێشی و پارچەپارچەکردنی جۆرجیا گەیشتە لوتکە، بەکارهێنانی هێزێك کە نە ئەمریکا و نە یەکێتی ئەوروپا و نە تورکیا لە دۆخێکدا نەبوون ڕێگری بکەن لە دەرەنجامی. لە نزیکەوە تورکیا خۆی لە یەکێك لە "ناکۆکییە بەستووەکانی" ناوچەکەدا دەبینێتەوە کە چارەسەرنەکراوترە، لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی ناگۆرنۆ-قەرەباخ.[7]

بەهاری عەرەبی لە سەرەتادا هیوای بە تورکیا دا سەبارەت بە ئەگەری فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. تورکیا و بەتایبەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بۆ ماوەیەك لەلای "شەقامی عەرەبی" خۆشەویست بوون، بۆیە هیوای ئەوە دەخواست کە فراوانبوونی بەشداری و حوکمڕانی دیموکراسیتر لە جیهانی عەرەبیدا بە مانای دامەزراندنی حکومەتێك بێت کە پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ تورکیادا دروست بکات. تورکیا بەخێرایی پاڵپشتی ڕاپەرینەکانی تونس و میسر لە ڕێگەی هاوکاری ئابووری و گواستنەوەی شارەزایی و پشتیوانی سیاسی کرد. دوای هەڵبژاردنی محەمەد مورسی کاندیدی ئیخوان موسلیمین بۆ سەرۆکی میسر، تورکیا دەستیکرد بە گفتوگۆکردن لەسەر دامەزراندنی "هاوبەشییەکی ستراتیژی" لەگەڵ ئەو وڵاتە، پرسێك، کە پێشتر هەرگیز باوەڕپێکراو نەبووە و دەتوانێت هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بگۆڕێت. بۆیە چاوەڕوانییەکانی تورکیا سەبارەت بە ڕۆڵی چالاکانەی داهاتووی لە گۆڕانی ناوچەکەدا زۆر بوو. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە جگە لە تونس، ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقیا لەبری ئەوەی ببنە هۆی گواستنەوە بەرەو حوکمڕانی دیموکراسی، سەرلەنوێ سەپاندنەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازانە، بە پێچەوانەوە، لەوەش خراپتر شەڕی ناوخۆی سوریا و لیبیا و یەمەنی لێکەوتەوە، بە مانایەکی تر، بەهاری عەەرەبی نەبووە هۆی بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەڵکو، بووە هۆی وێرانبوونی چەندین وڵات و جەنگی ناوخۆ و نوێنەرایەتی بەرۆکی ئەو وڵاتانەی گرت. لە هەمان کاتدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###۲۰۲۰
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە هۆی دەستێوەردانی دەرەکی و چڕکردنەوەی کێبڕکێی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە.[8] ئەم پێشهاتانەی دوای ڕاپەڕین سنووردارbوونی تورکیایان لە هەوڵەکانی بۆ سەرکردایەتی ناوچەیی و توانای کاریگەریکردنی ڕووداوەکان بە ئارەزووی خۆی ئاشکرا کرد. بەتایبەتی دوای ڕووخانی مورسی سەرۆکی میسر لە ساڵی ۲۰۱۳ و گۆڕینی خێرای ڕاپەڕینی سوریا بۆ شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن کە زلهێزەکانی ناوچەیی و جیهانی تێیدا بەشداربوون، نوخبە سیاسییەکانی تورکیا لە پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی سەرەکی وەك هەڕەشەیەکی نوێ بۆ سەر ئەوان تێگەیشتن،هەروەها هەستیان بە هەرەشەکانی سەر ئاسایشی خۆیان کرد کە بە درێژایی سنوورەکانی لەگەڵ سووریا و عێراق تووشی بووە، لەوانەش هێرشی تیرۆریستیی بەرفراوان و شەپۆلی بەرفراوانی پەنابەران. لەو پرۆسەیەدا تورکیا ڕاستەوخۆ بەشداری لە جەنگە ناوخۆییەکانی سوریا و لیبیا کرد، لە ڕووی سەربازییەوە. لە.ئەنجامدا سیاسەتی نوێی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی کرد بە نیشاندانی ئەم ستراتیژیانە: [9]

- تێگەیشتنی هەڕەشە و ئامادەبوون بۆ بە ئاسایشکردنی پرسەکان، کە مەترسی دەخەنە سەر هەڕەشەکانی ئاسایشی نیشتمانی.
- گەران بەدوای ڕۆڵی زلهێزیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە دوای بێهیوابوون وەك ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.
- زیادکردنی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەربازی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی.
- پەسەندکردن بۆ کردەوەی تاکلایەنە، دوودڵبوون لە پشتبەستن بە هاوپەیمانییە تەقلیدییەکان، هاوسەنگکردنی سیاسەت لە نێوان زلهێزە گەورەکاندا.[10]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی سێیەم\ پەرەسەندنی تێڕوانینی تورکیا لەسەر ئەو هەڕەشانەی مەترسین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی

پێشهاتەکانی سوریا کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا هەیە بۆ زیاتر لە ٨٠٠ کیلۆمەتر، گرنگییەکی زۆریان هەبوو. لە ساڵانی سەرەتای قەیرانی سوریادا ئامانجی سەرەکی تورکیا ڕوخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد بوو و لە ئەنجامدا ئەنقەرە دەستی کرد بە ڕێکخستن و پاڵپشتیکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە. بەڵام بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٦، ئامانجە ستراتیژییەکانی تورکیا لە سووریا گۆڕانکارییان بەسەردا هات. هەرچەندە دەستێوەردانی تورکیا بۆ ناو کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وەك کاردانەوەیێك بوو لەبەرامبەر رەتکردنەوەی داواکاری یەکێتی ئەورووپا لە هەمبەر ئەندامبوونی تورکیا لەو یەکێتیە، بەڵام لەلایەکی ترەوە زیاتر لە خواستێک بوو، بەهۆی ئەو گۆرانکاری و پێشهاتە نوێیانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویاندا، تورکیا چارەی تری نەبوو جگە لە بەشداریکردنێکی راستەوخۆ. ڕاگەیاندنی "سیستەمێکی دیموکراسی فیدراڵی" بە ناوی ڕۆژاڤا لەلایەن گروپی کوردی سوریا، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) و هاوپەیمانەکانی لە باکوری سوریا لە مانگی ئازاری ٢٠١٦ بووە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر سوریا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ تورکیا نیگەران بوو لە بەهێزبوونی پەیەدە.

بەرپرسانی ئاکەپە بە ئاشکرا گلەییان لە پەیەدە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی ناياسایی کرد.[11] تورکیا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد کە ئەگەر پێویست بکات بۆ ڕێگریکردن لە هێزە کوردیەکان لە سووریا. لەو کاتەدا ئامانجی سەرەکی تورکیا ڕازیکردنی هاوپەیمانەکانی ناتۆ بوو بە تایبەتی ئەمریکا بۆ پشتیوانیکردن لە بیرۆکەی تورکیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام بەدرێژایی سنوورەکان. ئەوەی دۆخەکەی بۆ تورکیا ئاڵۆزتر کرد، ئەوە بوو کە پەیەدە و گروپە چەکدارەکەی کە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە[12]) بوونە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا و ئەوروپا لە شەڕی دژی داعش. شەڕکردن لەسەر زەوی وەك بەشێک لە "رێبازی جەنگی نوێنەرایەتی"ی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما. لە ئەنجامی ئەم هاوکارییە، پەیەدە/یەپەگە توانی کۆنترۆڵی خۆی لە

١

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرەوەی سێ ناوچەی گەمارۆدراوی کورد لە باکووری سوریا لەسەر سنووری تورکیا درێژ بکاتەوە، واتە عەفرین، کۆبانی لە پارێزگای حەلەب و جەزیرە لە پارێزگای حەسەکە کە پێشتر پەیەدە/یەپەگە "ئیدارەی سەربەخۆ"ی ڕاگەیاندبوو. بەڵام "هەرێمی ڕۆژاڤا"ی تازە ڕاگەیەندراو لە مانگی ئازاری ٢٠١٦ فراوانتر کرا و ناوچەی تر هاتنە ناو ئەم هەرێمە کە زۆرینەیان عەرەبی و تورکمان بوون.

حکومەتی تورکیا بە هەستکردنی ئەم پێشهاتانە وەك هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، پووچەڵکردنەوەی خواستەکانی پەیەدە لە باکوری سوریا کردە ئامانجی ژمارە یەك لە سیاسەتی خۆی لە سوریا.[13] هەروەها تورکیا بەهۆی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانەوە کە لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ لە عێراق ئەنجامدرا، تووشی نارەحەتی بوو. ئەم پێشهاتانە کە پێدەچوو ئاماژەبن بۆ گەشەسەندنی پرسی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی/سەربەخۆیی سیاسی. لە دانوستانەکانی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە لە ساڵی ٢٠١٥ و دواتر دووبارە بە ئاسایشکردنەوەی پرسی کورد لە ناوخۆی تورکیادا. لەو کاتەوە و وەك ساڵانی نەوەدەکان، سیاسەتی تورکیا لە دراوسێی نزیکی خۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی پرسی کوردەوە بووە.[14]

## باسی چوارەم\ ململانێی ناوچەیی کۆی سفر (Zero Sum)

پێش ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان وریا بوو لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەکتەرە ناوچەییەکان و بە تایبەتی ئامادە نەبوو ببێتە بەشێك لە ڕکابەرییە سەرەکییە ناوچەییەکانی نێوان سعودیە و ئێران. ستراتیژییە چارەنووسسازەکانی هەموو زلهێزە هەرێمییەکان لە دوای بەهاری عەرەبی بووە هۆی کێبرکێیەکی توند لە نێوانیاندا بۆ دەسەڵات و هەژموون و ئەمجارە تورکیا بوو بە یەکێک لە لایەنەکانی ئەم جەمسەرگیرییە ناوچەییە. پشتیوانی تورکیا لە بزووتنەوەکانی ئیخوان موسلیمین لە ناوچەکە و هەوڵەکانی بۆ ڕۆڵی هەژموونگەرانەی ناوچەیی بووەتە هۆی خراپتربوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی سعودیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئیمارات و میسر لەخۆدەگرێت. کێبڕکێی نێوان هاوپەیمانی سعودیە و ئیمارات دژی تورکیا لە پێگە جیاجیاکانی ناوچەکە بە تایبەت لە شەڕە ناوخۆییەکانی لیبیا و سوریا بەردەوام بووە، بەهۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوکاریی نێوان تورکیا و قەتەر لە کەنداوی فارس و جەمسەرگیری لە تونس. هە ڕوەها هەڕدوولا لە ڕێگەی سیاسەتی هاوکاری ئابووری و پاڵپشتی سیاسی لە بە ڕامبە ڕ بە مافە سەڕەتاییەکاندا بە مە بە ستی زیادکردنی ئامادە بوونی خۆیان لە کیشوەری ئە فریقا بە شداری کێبڕکێیەک بوون.[15]

لە کاتێکدا ڕکابەریی تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانی سعودیە – ئیماراتی بە تەواوی لە ناوچەکەدا تەشەنەی کردووە، ململانێ لەگەڵ ئێران، ڕێبەری جەمسەرێکی دیکە، تەنیا لە سووریا و تا ڕادەیەك لە عێراقدا سنووردار بووە. لە سوریا، ئەنقەرە و تاران بە ڕێککەوت پشتیوانی ئۆپۆزسیۆن و ڕژێمیان کرد. بە لاّم ڕێگەیان نەدا ڕکابەرییەکانی ناو سووریا ببێتە هۆی دارمانی تە واوی پەیوەندییەکانی نێوانیان. بەڵام لە قۆناغی دوای ساڵی ٢٠١٦دا بوارگەلێکی نوێی ناکۆکی سەریان هەڵدا. ئێران بە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە سووریا نارەحەت بوو، تورکیاش لە زیادبوونی چالاکییەکانی ئێران و میلیشیاکانی لە پشتیوانیکردنی ڕژێم لە ناوچەکانی نزیك لە تورکیا نارەحەت بوو. سەرەڕای ئەوەش، سەرەڕای ئەم کێشانە، هەردوو وڵات بوونە بەشێك لەو پرۆسەیەی کە ڕووسیا لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦ دەستپێکردبوو، پرۆسەی ئاستانە و میکانیزمی لوتکەکانی سەرکردایەتی، پرۆسەی سۆچی، کە ئامانجی هەماهەنگی پەیوەندییەکانی نێوان هەر سێ زلهێزەکە بوو لە سوریا.[16]

لە عێراق سەرەڕای بوونی بەرژەوەندی جیاواز و کێبڕکێ بۆ سەپاندنی زیاترکاریگەری خۆیان ، هەردوو وڵات توانیان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بەدوور بگرن. تورکیا کشانەوەی ئیدارەی ترەمپ لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران بە هەنگاوێکی خراپ زانی و درێژەدان بە دیالۆگەکانی لەگەڵ ئێران بە گرنگ زانی، هەرچەندە هەردوو وڵات لە ئیدلب لە ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕووی سەربازییەوە پێکدادان لە نێوانیان ڕوویدا. لە کۆتاییدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران لەسەر ڕێبازە کۆنەکەی کێبڕکێ و هاوکاری بەردەوام بوو و لە ئەنجامدا وەك پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانی سعودیە و ئیمارات نەگۆڕا بۆ یاریەکی کۆی سفر (مەبەست لەم یاریە سیاسیە ئەوەیە کە هیچ لایەنێك براوە نیە). بەڵام هاوتەریب لەگەڵ پێشهاتەکانی سەر زەوی لە سوریا، لەم دواییانەدا گرژییەکان لەگەڵ ئێران بەرزبوونەتەوە.[17]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە گشتی تورکیا کێبڕکێ لەگەڵ دوو ئاراستەی دەسەڵات لە ناوچەکەدا دەکات. تاکە وڵاتێك کە تورکیا لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵدا دامەزراند قەتەر بوو. ئەو دوو وڵاتە لە دوای ڕاپەڕینەکانی عەرەبی پشتیوانی بزووتنەوەکانی ئیخوان موسلیمینیان کرد لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. بنکەی سەربازی تورکیا لە قەتەر کە لە ساڵی ٢٠١٥ وەك هەنگاوێکی زۆر گرنگ دامەزرا.[18] پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و قەتەر لە دوای قەیرانی قەتەر لە ساڵی ٢٠١٧، کاتێک سعودیە و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی کەنداو قەتەریان خستە ژێر سزای سیاسی و لە ڕووی بازرگانییەوە، خرایە ژێر کاریگەرییەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر و فراوانتر بوو، قەیرانەکە بووە هۆی باشتربوونی گشتی پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان قەتەر و تورکیا، لەوانەش "سەردانی فەرمی، فراوانکردنی پەیوەندییەکانی پیشەسازی بەرگری، و مەشق و ڕاهێنانی هاوبەش و مەشقی سەربازی". لە بەرامبەردا توندبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و قەتەر یارمەتیدەر بووە بۆ زیادکردنی تێڕوانین بۆ هەڕەشە لە سعودیە و ئیمارات بەپێی سیاسەتە ناوچەییەکانی تورکیا. لە دوای ئەم کاردانەوانە سیاسەت و ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە کەوتوونەتە دووڕیانێکی ئەمنییەوە.[19]

## باسی پێنجەم\ ڕێباز و ستراتیژیەتی نوێی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە دوای بەهاری عەرەبی

سیاسەتی نوێی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەگەڵدا بوو. ڕێباز و سیاسەتی پێشوو لە لایەن ئەحمەد داودئۆغلۆوە دابینکرابوو، کە بە پلەی جۆراوجۆر لە حکومەتەکانی پارتی داد و گەشەپێدان، سەرەتا وەك سەرۆکی ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی سەرۆك وەزیران لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٩، پاشان وەك وەزیری دەرەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ساڵی ٢٠١٤ و لە کۆتاییدا وەك سەرۆکوەزیران لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٦. بەڵام داود ئۆغلۆ لە مانگی ئایاری ٢٠١٦ دەستی لەکارکێشایەوە، دوای ئەوەی کۆمەڵێک لایەنگری پارتەکە ڕەخنەیەکی توندیان لە داودئۆغلو و سیاسەتەکانی لە ماڵپەرە جیهانیەکان لە ژێر ناوی "فایل پلیکان" بڵاوکردەوە. دوورخستنەوەی داودئۆغلو ڕێگەی بۆ دەوروبەری کردەوە. ئێستا ئەردۆغان شکستەکانی سیاسەتی دەرەوە لە هەلومەرجی گۆڕانی واقیعی جیهانی و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەیی و هەروەها زیادبوونی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی لەناوخۆدا دەخاتە ئەستۆی خۆی و ئەو ڕێبازی نوێی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕێکدەخاتەوە. ئەم سیاسەتە نوێیە نەك هەر هۆکارێك بوو بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تورکیا، بەڵکو پاساویش بوو. بە پشت بەستن بە نووسینی ئەو کەسایەتییە سیاسیانەی کە لە نووسینگەی سەرۆك کۆمار کاردەکەن و هەروەها ئەکادیمیەکانی نزیك لە پارتی داد و گەشەپێدان، ڕێبازە نوێیەکە بەو تێروانینە دەست پێدەکات کە سیستەمێکی نوێی فرە جەمسەری جیهانی سەرهەڵدەدات، ئەمەش وادەخوازێت تورکیا نەك تەنها پێناسەی خۆی بکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە بکات.[20]

نوخبەکانی پارتی داد و گەشەپێدان گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی جیهانی و ناوچەیی بە دەرفەت و سنووردارکردن بۆ تورکیا دەزانن. ئەوان پێیان وایە لە دۆخێکدا کە سیستەمی کۆنی جیهانی خەریکە نەمێنێت و سیستەمێکی نوێ سەرهەڵدەدات، تورکیا ناتوانێت تەنها پشت بە هاوپەیمانییە تەقلیدییەکان ببەستێت بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی. وەك ئیبراهیم کالین، یەکێك لە ڕاوێژکارە باڵاکانی ئەردۆغان و وتەبێژی حکومەتی ئەردۆغان دەڵێت: "جیهان لە ئەمریکا و ئەوروپا گەورەترە". بۆیە هەوڵدان بۆ مانەوە تەنها لە سیستەمی جیهانی یۆرۆسەنتەریدا چەمکێکە کە پێویستە خۆمان لێی بەدوور بگرین". لە کۆتاییدا هاوپەیمانی تورکیا لەگەڵ ناتۆ ئەو مووشەکانەی پاتریۆتی بۆ ئەنقەرە دابین نەکرد کە داوای کردبوو، هەروەها ئەمریکا و فەرەنساشی قەناعەت پێنەکرد کە هاوکاریەکانی بۆ پەیەدە لە سوریا رابگرن. ئەم مشتومرانە بەو مانایە بوو کە تورکیا نابێت هەوڵی هەماهەنگی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەمریکا یان یەکێتی ئەوروپا بدات، وەك چۆن لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠دا هەوڵیدا. بەهەمان شێوە بورهان الدین دۆران، ئەکادیمیستێك کە سەرۆکی دامەزراوەی بیرکردنەوەی لایەنگری حکومەتە (SETA) و ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی سەرۆکایەتییە، ئاماژەی بەوە کردووە کە هەرچەندە تورکیا لەم دواییانەدا خۆی لەگەڵ ڕووسیادا هاوتەریب کردووە لە زۆر بابەتدا، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی تورکیا ڕەخنە لە ڕووسیا بگرێت لەسەر سوریا یان ئیدلب بەتایبەتی.[21]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگای سەرنجە کە ئەگەرچی حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بە فەرمی ڕوسیای لە هێرشە سەربازییەکانی دژی سەربازانی تورکیا لە ئیدلب تاوانبار نەکرد، بەڵام شرۆڤەکارانی نزیك لە حکومەت سڵیان نەکرد لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ڕووسیا لە سوریا بە گشتی و ئیدلب بە تایبەتی. سەرەڕای هاوکاری نزیك لەگەڵ ڕووسیا لە هەندێك بابەت و سەرکەوتنی مۆسکۆ و ئەنقەرە لە بەڕێوەبردنی ناکۆکیەکانیان و بەم شێوەیە دابەشکردنی ڕکابەرییە پەیوەندیدارەکان بە سوریاوە، هێشتا بێمتمانەیی لە نێوان تورکیا و رووسیا هەیە و هاوشێوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا. بۆیە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئەمریکا و ڕوسیا بۆتە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی تورکیا.[22]

ئەم ڕاستییە بووەتە تەوەرێکی بەردەوام لە گفتوگۆکانی حکوومەتی تورکیا. بە تایبەتی کە دەڵێن لەم سیستەمە جیهانییە پەرەسەندووەدا، تورکیا دەتوانێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ هەریەکێك لەم ئەکتەرە جیهانیانە هاوکاری بکات، بەڵام نابێت هیچ کام لەم پەیوەندییانە بە ژمارە هەژمار بکرێن بەڵکو جۆری پەیوەندیەکان گرنگە. بە پێی ئە م بۆچوونە تورکیا ناتوانێت پشت بە دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان و ئاراستەیەک لە حکوومەتەکان و تەنانەت هاوپەیمانە مێژووییەکانی ببەستێت. بەڵکو هاوپەیمانییەکان لە گۆڕاندان. جگە لە ژینگەی جیهانی نادیار، تورکیا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوچەکە هەڕەشەی نوێش دەخاتە ڕوو، کە ئێستا زیاتر وڵاتان تامەزرۆی بەکارهێنانی ئامرازە سەربازییەکانن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ رکابەرەکانیاندا، ئەمەش دەتوانێت بە ئاسانی ببێتە هۆی ململانێی نوێ. لە ژینگەیەکی وادا پێویستە تورکیا ستراتیژی بەهێز بگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەکان. بۆ نموونە دوران ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو سیاسەتمەدارانەی دەیانەوێت تورکیا بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە کۆنەکانی هێزی نەرم، لە ڕاستیدا لەسەر تێنەگەیشتنێك کاردەکەن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش بەهاری عەرەبی.[23]

نوخبە سیاسییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان پێیان وایە، تەنیا بە جێبەجێکردنی ڕێبازێکی نوێی سیاسەتی دەرەوە، تورکیا زیاتر سەربەخۆ بووە. بە گوتەی تەیب ئەردۆغان، تورکیا لە سیاسەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرەوەی خۆیدا سەربەخۆیە و بۆ ئاسایشی خۆی مۆڵەت لە کەسانی دیکە وەرناگرێت. بەم شێوەیە نوخبە سیاسییەکانی تورکیا گۆڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی سەرەکی وەك وەڵامێك بۆ گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان، لە ژینگەی ناوچەیی و ژینگەی جیهانی ڕوون دەکەنەوە. سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای بەهاری عەرەبییەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و ئاستەنگ و ئەگەری نوێی بەرچاوی بۆ هەموو ئەکتەرەکان دروستکردووە. بەڵام ڕوونکردنەوەیەك کە تەنیا لەسەر بنەمای ئەو جۆرە هۆکارە پێکهاتەییانەیە. ئەم هەڵبژاردنانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری جیهانبینییەکان و هەروەها ڕەچاوکردنی سیاسی ناوخۆییدا بوون. وەک مایکل بارنێت لە کاتی شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیلدا نووسیویەتی "بنەمایەکی کولتووری هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوە کە لە بنەڕەتدا واقیعییە". شێوازی کاردانەوەی نوخبە سیاسییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بەرامبەر بە گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ناوچەکەدا بە توندی کاریگەری لەسەر شێوازی لێکدانەوەی ئەو دەرفەت و مەترسیانە کە ئەم پێشهاتانە دەیخەنە ڕوو. ئەم هەڵبژاردنانە لە سێ ڕووەوە ڕوون بوون: پشتگیریکردن لە بزووتنەوەکانی ئیخوان موسلیمین لە هەموو شوێنێك، لەوانەش لە ناوچەکانی وەك سوریا کە بە تایبەتی لاواز بوون؛ بەردەوامبوونی پەیوەندییە کێشەدارەکان لەگەڵ میسر لە دوای کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٣، وە تێوەگلانی تورکیا لە قەیرانی قەتەر لەگەڵ وڵاتانی تری کەنداو. کاتێك لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت، سیاسەتی نوێی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەندێك بەردەوامی لە ڕووی جیهانبینی حکومەتی ئاکەپە نیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە لە چوارچێوەی گۆڕاوێکی جیۆپۆلەتیکی لە دراوسێیەتی تورکیادا لەخۆدەگرێت.[24]

سەبارەت بە فاکتەرە ناوخۆییەکان، گۆڕانکاریی ئاشکرا لە هاوپەیمانییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان و سیاسەتی ناوخۆدا ڕوویداوە پارتی داد و گەشەپێدان هاوپەیمانییەکانی پێشووی خۆی بەجێهێشتووە، سەرەتا لەگەڵ لیبراڵەکان و دواتر لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی کورد، لەم دەیەی دواییدا. دوای کودەتایەکی سەربازی شکستخواردوو لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی مەهەپە، بەناو هاوپەیمانی گەلی پێکهێنا و سیستەمی سیاسیی گۆڕی بۆ سیستەمی سیاسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرۆکایەتیی کە دەسەڵاتی فراوانی هەبێت. ئەم پێشهاتانە نەک هەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیای بە سەربازیتر کردووە، بەڵکو یارمەتیدەر بووە بۆ چەسپاندنی هاوپەیمانی نوێی ناسیۆنالیستی نێوان ئاکەپە و مەهەپە. بە گشتی گوتاری تورکێکی دابڕاو کە لە لایەن دوژمن و هاوپەیمانە تەقلیدییە باوەڕپێنەکراوەکانەوە گەمارۆ دراوە، تێکەڵ بە بانگەشەی ئەوەی کە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بە تایبەتی تەیب ئەردۆغان دەکاتە ئامانج، وەك پایەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی نوێی تورکیا سەریهەڵدا. ئەم گێڕانەوەیە هاوشێوەی گێڕانەوەی ساڵانی نەوەدەکانە و لانیکەم بەشێکی لەسەر بوژانەوەی ترس و دوژمنایەتییە کۆنەکانە کە مێژووەکەی لەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە و بەتایبەتی ئەو گوتارەی کە "دوژمنانی" تورکیا بەدوای زیندووکردنەوەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٠ی تورکیادا دەگەڕێن. هەروەها هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەردۆغان لەم دواییانەدا سیاسەتی تورکیای سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بە "هەڵگەڕانەوە" زانیوە.[25]

## دەر ئەنجام

ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بووە هۆی دروستبوونی ڕێبازێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کە زیاتر پراگماتیك بێت و بە ڕێژەیەکی زۆر پشت بە هێزی رەق و گەرم ببەستێت. لێکەوتەکانی بەهاری عەرەبی، تورکیا خستە نێو دووریانێکی گرنگدا، شەپۆلی پەنابەران بۆ ئەوروپا و جەنگی ناوخۆیی لە چەندین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بووە هۆی دروستبوونی چەند پرسیارێك لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا، لە بابەتی شەپۆلی پەنابەراندا، تا رادەیەك تورکیا و ئەوروپا لێك نزیکبوونەوە بەرادەیك کە بریار درا لە ماوەیەکی نزیکدا، هاوڵاتی تورکی بەبێ ڤیزا گەشتی وڵاتانی ئەوروپی بکات. بەڵام لە بابەتی بەهاری عەرەبی و ڕووداوەکانی سوریا و لیبیا، تورکیا دژایەتی هەندێك وڵاتی رۆژهەڵاتی کرد. لە سووریا، تورکیا چەندین هەنگای هاوێشت بۆ نزیککەوتنەوە لە رووسیا و دوورکەوتنەوە لە رۆژهەڵات بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی.

لە بابەتی لیبیا، تورکیا کەوتە سەنگەری دژایەتی کردنی فەرەنسا. هەموو ئەم ڕووداوانە پێمان دەڵێن کە لە کۆتاییدا، بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی تورکیا، گرنگە ببێتە وڵاتێکی زلهێز لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رۆژهەڵاتی ناوەراست، نەك ببێتە ئەندامێك سادە لە یەكێتی ئەوروپا. لە سیستەمی ئێستای نێودەوڵەتیدا، وڵاتان دەبێت بەرژەوەندیان لەگەڵ هەموو زلهێزەکان بپارێزن، بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا، تورکیا ناتوانێت ببێتە ئەکتەرێک کاریگەر کە پەیوەندیەکی پتەوی گەبێت لەگەڵ زلهێزانی جیهان.

بەڵام ئەگەر سەیری رۆژهەڵاتی ناوەراست بکەین دەبینین کە ناوچەیەکە هەموو زلهێزانی جیهان وەك ئەمریكا، رووسیا، چین، فەرنسا و بەریتانیا هەوڵ دەدەن هەژموونی خۆیان بسەپێنن و خۆیان لە ئەكتەرە گرنگە ناوچەیەكان وەك سعودیە، ئیسرائیل، ئیمارات و ئێران نزیك بكەنەوە. توركیا دەتوانێت سوود لە بارودۆخی شڵەژاوی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەربگرێت و وەك ئەكتەرێكی گرنگی ناوچەكە كاریگەری هەبێت لەسەر بریار و ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەراست. توركیا بە بەهێزكردنی خۆی لە ناوچەی قەوقاز و باڵكان و رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ وڵاتانی ئەوروپا بسەلمێێت كە لە دەرەوەی یەكێتی ئەورووپاش دەتوانێت وەك زلهێزێ دەربكەوێت و كاریگەری هەبێت لە رووداوەكانی جیهاندا. بۆ ئەمەش دەسەڵاتدارانی توركیا پێویستیان بە كارامەیەكی زۆر بەهێز هەیە.

## سەرچاوەکان:


1. Nathalie Tocci, Beyond the storm in EU-Turkey relations, The Fututre of EU-Turkey Relations: Mappying Dynamics and Testing scenarios. https://feuture.uni-koeln.de/sites/feuture/user_upload/pdf_tocci_feuture.pdf
2. Angeliki Dimitriadi, Ayhan Kaya, Başak Kale, Tinatin Zurabishvili, EU-Turkey Relations and Irregular Migration: Transactional Cooperation in the Making, The Fututre of EU-Turkey Relations: Mappying Dynamics and Testing scenarios, https://feuture.uni-koeln.de/sites/feuture/user_upload/FEUTURE_Online_Paper_No_16_D6.3.pdf
3. Nathalie Tocci, Turkey and the Europena Union A Journey in the Unkown, Center of the United States and Europe at Brookings. https://www.brookings.edu/wp-content/uploads/2016/06/turkey-and-the-european-union.pdf
4. Ilke Toygur, Funda Tekin, Eduard Soler i Lecha, Nicholas Danforth, ,Feb 2022, Turkey's foreign policy and its consequences for the EU, European Parliament. https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/IDAN/2022/653662/EXPO_IDA(2022)653662_EN.pdf

5. Senem Aydın-Düzgit, Anne Duncker, Daniela Huber, E. Fuat Keyman and Nathalie Tocci, 2013, Global Turkey in Europe, Political, Economic, and Foreign Policy Dimensions of Turkey's Evolving Relationship with the EU, IAI Research Papers, https://www.iai.it/sites/default/files/iairp_09.pdf
6. Ilke TOYGÜR, Funda TEKIN, Eduard SOLER i LECHA, Nicholas DANFORTH, Turkey's foreign policy and its consequences for the EU, Europena Parliament, https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/IDAN/2022/653662/EXPO_IDA(2022)653662_EN.pdf
7. Ahmet Evin, Kemal Kiri¸sci, Ronald Linden, Thomas Straubhaar, Nathalie Tocci, Juliette Tolay, Joshua Walker, Getting to ZER0, Turkey, Its Neighbors and the West, Transatlantic Academy, https://www.bosch-stiftung.de/sites/default/files/publications/pdf_import/Report_TA_GettingtoZeroFINAL.pdf
8. Alper Coşkun and Sinan Ülgen, Political Change and Turkey's Foreign Policy, Carnegie Endowment for International Peace, https://carnegieendowment.org/files/Coskun_Ulgen_Turkey_final.pdf
9. Patricia Carley, Turkey's Role in the Middle East, Turkey's Role in the Middle East, United States Institute of Peace https://www.usip.org/sites/default/files/resources/pwks1.pdf
10. Alper Coşkun, Sinan Ülgen, 2022, Political Change and Turkey's Foreign Policy, Carnegie Endowment for International Peace, https://carnegieendowment.org/files/Coskun_Ulgen_Turkey_final.pdf
11. MURAT YEŞİLTAŞ, NEIGHBORING A CIVIL WAR TURKEY'S BORDER SECURITY WITH SYRIA, SETA, https://file.setav.org/Files/Pdf/20151028162016_analysis_17.pdf
12. Henri J. BARKEY, Turkish Foreign Policy and the Middle East, CERI STRATEGY PAPERS, https://www.sciencespo.fr/ceri/sites/sciencespo.fr.ceri/files/n10_06062011.pdf
13. Salim Dervişoğlu, Sönmez Köksal, Nigar Ağaoğulları Yalınkılıç, Feb 2015, Turkey in a Changing Global and Regional Security Environment: Analysis and Recommendations, "Turkey's Approach to Security in the Twenty-First Century" Task Force Report, https://www.gif.org.tr/Images/ReportFiles/1033/20.PDF
14. Gallia Lindenstrauss, From Zero Problems to Zero Sum Game and Back: Towards a Thaw in Israel-Turkey Relations?, https://www.files.ethz.ch/isn/136820/2011_Insight_231.pdf
15. Clingendael, Jan 2022, Beyond Turkey's 'zero problems' policy, Motives, means and impact of the interventions in Syria, Libya and the South Caucasus, , Netherland Institute of International Relations https://www.clingendael.org/sites/default/files/2022-01/Policy_brief_Beyond_Turkeys_zero_problems_policy.pdf

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

**16.** Alexandra Peters, Is Turkey’s Political Zero-Sum Game; Polarization Versus Democracy?, Boston University, https://www.democratic-erosion.com/2021/05/12/is-turkeys-political-zero-sum-game-polarization-versus-democracy/
**17.** A. C. CEVIKEL AND M. AHLATCIOGLU, A TRANSITION FROM TWO-PERSON ZERO-SUM GAMES TO COOPERATIVE GAMES WITH FUZZY PAYOFFS, https://ijfs.usb.ac.ir/article_4289_35709fa4e2119992ce668a558f6b5391.pdf
**18.** Meliha Benli Altunışık, 2020, The New Turn in Turkey’s Foreign Policy in the Middle East: Regional and Domestic Insecurities, Foundation for European Progressive Studies, https://www.iai.it/sites/default/files/iaip2017.pdf
**19.** Tayyar Arı - Ferhat Pirinççi, Turkey’s New Foreign Policy Towards The Middle East And The Perceptions In Syria And Lebanon, http://www.ajindex.com/dosyalar/makale/acarindex-1423881098.pdf
**20.** Henri J. Barkey, The Evolution of Turkish Foreign Policy in the Middle East, TESEV, Foreign Policy Programme, https://www.files.ethz.ch/isn/150697/Henri%20Barkey_final.pdf
**21.** Hakan Yapar, 12/4/2021, ieee.es, From Strategic Depth to Blue Homeland and Beyond: Understanding Turkey's Drift towards Greater Strategic Autonomy, https://www.ieee.es/Galerias/fichero/docs_opinion/2021/DIEEEO40_2021_HAKYAP_Turquia_ENG.pdf
**22.** Aaron Steir, Nicolas Danforth, Turkish New Foreing Policy: Ankara’s Ambitions, Regional Responses, and Implicaitons for the United States, https://www.fpri.org/article/2023/02/turkeys-new-foreign-policy-ankaras-ambitions-regional-responses-and-implications-for-the-united-states/
**23.** Antoine MICHON, 22/10/2021, Building European StrategicAutonomy Vs. Turkish Strategic Depth Macron’s Diplomatic Gamble, Center for Applied Turkey Studies, https://www.ifri.org/sites/default/files/atoms/files/michon_european_strategic_autonomy_vs_turkish_strategic_depth_2021.pdf
**24.** Selin M. Bölme, 3/2022, NATO-Türkiye Relations: From Irreplaceable Partner to Questionable Ally, file:///Users/carlmcarlm/Downloads/NATO_T%C3%BCrkiye_Relations_From_Irrepla%20(1).pdf

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Turkey's Ambitions Between Membership of The European Union and The Transition to Be a Superpower in The Middle East

**Wzhar Fahri Saadi**
Department of Diplomacy and International Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Iraq
Wzhar.saadi@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Turkey, Nato, Middle East, Arab spring, Euroepan Union*

## Abstract

Turkey has been applying for membership in the European Union for more than half a century. Turkey has yet to secure EU membership. After the Arab Spring, Turkey used its strategic and geographical location to become an important actor between Europe and the Middle East, especially on the issue of refugee waves. After Turkey's disappointment in EU membership, the country turned to the Middle East to participate actively in the new changes in the region. Turkish policy in the Middle East has changed recently in the face of global and regional structural developments as well as changes in the domestic political arena. Changes in US relations with the region, as well as the growing role of Russia, have forced Turkey to perform a difficult balancing act between the two. Turkey, although it does not trust both sides and is aware of sharp differences of interest with them on some issues, has tried to strike a balance in Syria and Libya. In addition, Turkey is in fierce competition with Saudi Arabia and the UAE throughout the region. As a result, Turkey's new policy in the Middle East is characterized by heightened threat perception, zero competition with

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

other regional powers, increased recourse to the use of military force, risky behavior, and marginalization and preference for unilateral action.

## طموحات تركيا بين عضوية الاتحاد الاوروبي و التحول الى القوى العضمى في الشرق الأوسط

**ملخص:**
تتقدم تركيا بطلب للحصول على عضوية في الاتحاد الأوروبي منذ أكثر من نصف قرن، ولم تحصل بعد على عضوية الاتحاد الأوروبي. بعد الربيع العربي ، استخدمت تركيا موقعها الاستراتيجي والجغرافي لتصبح طرفًا فاعلًا مهمًا بين أوروبا والشرق الأوسط ، لا سيما في قضية موجات اللاجئين. بعد خيبة أمل تركيا في عضوية الاتحاد الأوروبي ، اتجهت البلاد إلى الشرق الأوسط للمشاركة بنشاط في التغييرات الجديدة في المنطقة. تغيرت السياسة التركية في الشرق الأوسط مؤخرًا في مواجهة التطورات الهيكلية العالمية والإقليمية وكذلك التغيرات في الساحة السياسية الداخلية.أجبرت التغييرات في علاقات الولايات المتحدة مع المنطقة ، فضلاً عن الدور المتنامي لروسيا تركيا على أداء عملية توازن صعبة بين الاثنين، حاولت حكومة حزب العدالة والتنمية ، على الرغم من أنها لا تثق في كلا الجانبين وتدرك الاختلافات الحادة في المصالح معها في بعض القضايا ، تحقيق توازن في سوريا وليبيا .بالإضافة إلى ذلك ، تخوض تركيا منافسة شرسة مع المملكة العربية السعودية والإمارات العربية المتحدة في جميع أنحاء المنطقة .نتيجة لذلك ، تتميز سياسة تركيا الجديدة في الشرق الأوسط بإدراك متزايد للتهديدات ، وانعدام المنافسة مع القوى الإقليمية الأخرى ، واللجوء المتزايد إلى استخدام القوة العسكرية ، والسلوك المحفوف بالمخاطر ، والتهميش وتفضيل العمل الأحادي الجانب.